# ڕۆڵی میدیای جەماوەری لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسیی: توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە

هێمین ئەمین جەلال[1]، هونەر محمد حسین[2]

[1]بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی جیهان-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2]بەشی وەرگێڕان، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان - هەولێر، عێراق

**پوختە**

میدیا ڕۆڵێکی گرنگی لە ئاڕاستەکردنی سەرنج و بۆچونی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پرس و ڕووداوە سیاسییە گرنگەکانی ڕۆژ هەیە، چونکە کاریگەری لەسەر ژیانیان هەیە. ئامانج لەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لە ڕۆڵی میدیای جەماوەری لە روستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر بۆ پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری سیاسیان و بەشداری سیاسیی خەڵک، هاوکات شیکردنەوەی ئەو ئامراز و پلاتفۆرمە میدیاییانەی کە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری سیاسی بەکاردەهێنرێن و، لەگەڵ ڕونکردنەوەی ئاستی کاریگەرییان لەسەر جەماوەر دوو ئامانجی دیکەی توێژینەوەکەیە، هەروەک ئاشنابون بە ئەرک و ڕۆڵی میدیای جەماوەری لە پەرەپێدانی هۆشیاری و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان و زانینی شێوە و نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی لە کۆمەڵگە لە ئامانجەکانی دیکەی توێژینەوەکەن. ئەم توێژینەوەیە کە توێدینەوەیەکی چۆنایەتییە لە شێوازی لێکدانەوەی ناوەڕۆك، پشتی بەستووە بە ئامرازی کتێبخانەیی. پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستراوە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە لە سایەی میدیای جەماوەری (میدیای نوێ، سوشیال میدیا، تەلەفزیون، ڕۆژنامە، ڕادیۆ) ئاستی هۆشیاری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرێژەی جیاواز پەرەپێدراوە و، هاوڵاتیان ئاگاداری پرۆسەی سیاسی و گرنگی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن و بڕیاری سیاسین، میدیای جەماوەری توانیویەتی هاندەری بەشداری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت، هەروەها چاودێری ئەدای حکومەت و دامەزراوە سیاسیەکان بکەن تا شەفافیەت و دادپەروەری و یەکسانی پەیڕەو بکەن، چونکە کاتێک میدیاکان گەندەڵی یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ئاشکرا دەکەن، یارمەتیدەر دەبێ بۆ هاندانی لێکۆڵینەوەی دادی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی یەکسان لە کۆمەڵگە و پیادەکردنی دادپەروەری گشتی لە بەردەم یاسا.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، میدیای جەماوەری، پەرەپێدان، هۆشیاری، هۆشیاری سیاسی.

## 1. پێشەکی

لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دیموکراتدا، میدیای جەماوەری ڕۆڵی گرنگی لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسیدا هەیە، میدیا یارمەتیدەرە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری سیاسی و بەرەوپێشبردنی حکومەتی بەرپرسیار و پەیڕەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بەدیهێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

سەردەمی ئێستا، بە سەردەمی میدیا و تەکنەلۆژیای زانیاری ناسراوە، چونکە توانایەکی کاریگەری لە ڕازیکردن و داڕشتن و گەڵاڵەکردنی بیرۆکە و کۆکردنەوەی ڕای گشتی هەیە، لە بوار سیاسیشدا میدیای جەماوەری بووەتە توخمێکی سەرەکی بۆ پەرەپێدان بەگشتی و، پەرەپێدانی سیاسی و بەشداری سیاسی بەتایبەت.

گرنگیدان بە میدیای سیاسی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگەکان زیادی کردووە بەو پێیەی دەسەڵاتێکە، توانای کاریگەری و گۆڕانکاری هەیە و، ڕۆڵێکی جیاواز و کاریگەر لە هۆشیاری سیاسیدا دەگێڕێت، ئەوەش لە ڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سۆشیال میدیا و بەرنامەیە ئەلیکترۆنی نوێیەکان، کە پشتگیری لە بەها سیاسییەکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی دەکەن.

بۆ ئەو مەبەستە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیە بۆ دەستنیشانکردنی و شیکردنەوەی ڕۆڵی میدیای جەماوەری لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی، لەو چوارچێوەیەدا توێژینەوەکە لە ڕێگەی سێ بەش تاوتوێی بابەتەکەی کردوە، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕەهەندەکانی توێژینەوە و خستنەڕوی چەمکەکان و

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 8، العدد 2 (2024).
أُستلم البحث في 22 أذار 2024؛ قُبل في 22 أيلول 2024
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 1 تشرين الأول 2024
البريد الإلكتروني للمؤلف: hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2024 هێمین ئەمین جەلال. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp142-151

خستنەرووی توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان، لە بەشی دووەمیشدا باس لە ئەرک و ڕۆڵی میدیا لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی کراوە، لە  بەشی سێیەمیشدا گرنگی و شێوە و ئاستەکان و ئاماژە و نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی تاوتوێکراوە، لە کۆتاییشدا؛ ئەنجامی توێژینەوەکە بەچەند خاڵێک خراوەتە ڕوو.

## 2. ڕەهەندەکانی توێژینەوە و خستنەڕوی چەمکەکان

### 2.1 کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە

#### 2.1.1 کێشەی توێژینەوەکە

میدیا یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا بۆتە ئامرازی یەکەمین لە ئاراستەکردنی تاک لە بوارە جیاکانی ژیان، چونکە هۆکارێکی گرنگی بڵاوکردنەوەی زانیارییە لە بوارە جۆراوجۆرەکان، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر هەڵوێست و ئاراستەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و، پەرەپێدانی کۆمەڵگە هەیە،  لەم توێژینەوەیەدا و بەسەرەنجدان لە ڕۆڵی میدیا لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی، کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەلای توێژەر دروست بوو، بۆ ڕونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەیەکە بەشێوەیەکی فراوانتر ئەم پرسیارانەی خوارەمان وروژاند:-

ئایا میدیا ڕۆڵی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی هەیە؟

ئایا میدیا ڕۆڵی لە بەشداریکردنی تاک لە (سیاسەت، ڕای گشتی، هەڵبژاردن، شەفافیەت، دادپەروەری، یەکسانی، چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی، ڕوبەڕوبونەوەی گەندڵی...هتد) هەیە.

ئایا میدیای جەماوەری ڕۆڵی لە گۆڕانی سیاسی، ڕەفتاری سیاسی، پەیوەندی سیاسی، بەرنامەی سیاسی حزب و دامەزراوە سیاسیەکان هەیە؟

ئایا میدیای جەماوەری ڕۆڵی لە پەرەپێدان و هێنانە کایەی کەلتوری نوێی سیاسی هەیە؟

#### 2.1.2 گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بابەتێکی گرنگ تاوتوێ دەکات، ئەویش بریتیە لە ڕۆڵی میدیای جەماوەری لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسیدا، لەم توێژینەوەیەدا ڕێگەی زانستی بەکاردێت بۆ تاوتوێکردنی لایەنەکانی توێژینەوەکە و، خستنەڕووی زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕۆڵی میدیا لە پەرەپێدانی لایەنە جیاکانی هۆشیاری سیاسی، ئەوەش لە ڕووی تیۆرییە یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە میدیای جەماوەری و ڕۆڵی لە چۆنیەتی دروستکردن و پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی، کە لە ڕووی زانستیەوە دەبێتە هۆی کەڵەکەبون و بەرەوپێشچونی زانست لە بوارەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و، کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی سیاسی.

 هەروەک لە ڕووی پراکتیکیشەوە؛ توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە میدیا و هۆشیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، کە لە ئێستادا بەدەیان حزبی سیاسی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن لە ڕێگەی سەدان کەناڵی میدیای ڕەسمی و نا ڕەسمی و سێبەر ڕۆژانە پەیام و بەرنامەی سیاسی خۆیان پێشکەشی جەماوەر دەکەن.

#### 2.1.3 ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئامانجێکی سەرەکی و چەند ئامانجێکی لاوەکی بەدەست بهێنێ، ئامانجی سەرەکی بریتیە لە (زانینی ڕۆڵی میدیای جەماوەری لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی) هەروەک ئامانجە لاوەکیەکانیشی هەمەچەشن و پەیوەستن بە چوارچێوە و ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ڕۆڵی میدیا لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی لە کۆمەڵگە، ئەوانیش بریتین لە:-

تێگەیشتن لە ڕۆڵی میدیای جەماوەری لە چۆنیەتی دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر بۆ پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری سیاسیان و بەشداری سیاسیی خەڵک.

شیکردنەوەی ئەو ئامراز و پلاتفۆرمە میدیاییانەی کە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری سیاسی بەکاردەهێنرێن و، لەگەڵ ڕونکردنەوەی ئاستی کاریگەرییان لەسەر جەماوەر.

ئاشنابون بە ئەرک و ڕۆڵی میدیای جەماوەری لە پەرەپێدانی هۆشیاری و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان.

زانینی شێوە و نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی لە کۆمەڵگە.

### 2.2 چەمکەکانی توێژینەوە

#### 2.2.1 ڕۆڵ

لە بواری کۆمەڵناسیدا؛ کۆمەڵناسی ئەمریکی تالکۆت پارسۆنز لە کتێبی سیستمی کۆمەڵایەتی لەبارەی چەمکی ڕۆڵ دەڵێت: بریتیە لەو کار و کۆششانەی کەسێک یاخود لایەنێک دەتوانێت ئەنجامی بدات و کاریگەری هەبێت (Parsons, 1951:137) لە بواری ڕاگەیاندنیش چەمکی ڕۆڵ بریتیە لەو فەرمان یان ئیشە، کە هۆکارێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەیکەن بۆ جەماوەر، لە بوارێکی دیاریکراودا؛ وەک فێرکردن، هەواڵ، ڕێنمایی، ئاراستەکاری...تاد (عەبدول، ٢٠٠٤ : ٥٦٦).

بەڵام محمد عاطف غیث، ڕۆڵە وەک مۆدێلێک پێناسە دەکات، کە لە دەوری هەندێک ماف و ئەرکدا دەسورێتەوە و پەیوەستە بە پێگەیەکی دیار لەناو گروپێکی دیاریکراودا، ڕۆڵی مرۆڤ لە هەر بارودۆخێکدا بە کۆمەڵێک چاوەڕوانی دیاری دەکرێت کە ئەوانی دیکەش پەیڕەوی لێدەکەن، هەر ڕۆڵێکیش هەندێک ڕەفتاری دیاریکراوی هەیە، ئەوەش بەو کردارانە نیشاندەدرێن کە تاک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و بەکارهێنانی مافەکانی پەیوەست بە خۆی؛ ئەو ڕۆڵە ئەنجام دەدات (غیث، ٢٠٠٨: ٢٩٠).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ڕۆڵ بریتیە لە پیادەکردنی ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی و ئەرکەی، کە ئامرازەکانی میدیای جەماوەری لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و بەشداری سیاسی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕن.

#### 2.2.2 میدیای جەماوەری

میدیای جەماوەریش یەکێکە لەو چەمکانەی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە؛ لە پێناسەیەکدا هاتووە: "میدیای جەماوەری ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵ و ڕێنمایی و ئاراستەکردن و نوێبونەوەیە لە کۆمەڵگەدا" (لازار، ١٩٩٧، ٢٢)، یان بەم شێوەیە پێناسەکراوە، "بریتیە لەو ئامرازانەی کە زانیاری و ڕاستییەکان بۆ خەڵک دەگوازنەوە، وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و کتێب، جگە لە گەیاندنی زانیاری و ڕاستییەکان، ئەرکی دیکەیان بریتیە لە کات بەسەربردن و ڕیکلام و پەروەردە و فێرکردن و ڕێنماییکردن" (احمد، ٢٠١١، ٤٢). بەڵام مشاقبە پێی وایە "میدیای

جەماوەری بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیا، کە توانای گواستنەوەی پەیامی بەکۆمەڵیان هەیە لە نێرەرەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە ڕەوت و ئاست و تاکی جیاواز؛ لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراودا، بەمەبەستی دروستکردنی ڕای گشتی و پەرەپێدانی بە ڕەوت و شێوازە نوێیەکانی ڕەفتار کە پێشتر بوونیان نەبووە (المشاقبة، ٢٠١٥، ٣٣).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە میدیای جەماوەری ئاماژەیە بۆ ئەو ئامرازانەی میدیا، کە ڕۆژانە پەیامی سیاسی جیاوازلە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەرنامەی سیاسی و شیکردنەوەی ڕوداوە سیاسیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی دەکەن بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری و پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی لەسەر جەماوەر.

### 2.2.3 پەرەپێدان

پەرەپێدان یەکێکە لەو چەمکانەی، کە نەک هەر لەسەر ئاستی زانایان و پسپۆڕان پێناسەی جیای بۆ کراوە، بەڵکو لەسەر ئاستی هزری و ئایدۆلۆجیش بەشێوازی جیاواز پێناسە کراوە، لەو بارەیەوە پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی دەڵێن: "چەمکی پەرەپێدان کۆمەڵێک پرۆسەی گۆڕانکاری لەخۆدەگرێت، کە ئامانجیان گواستنەوەی کۆمەڵگەیە لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دیاریکراوەوە بۆ واقیعێکی دیکەی باشتر" (السروجي و الاخرون، ٢٠٠١: ٢٢). لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنەوە پەرەپێدان: "بریتیە لە زنجیرەیەک پرۆسەی بە دوای یەکدا هاتوو و بەردەوام و ئاڵوز، کە کۆمەڵگە بۆ گۆڕانی کەلتوری بە شێوەیەکی ئاراستەکراو ئەنجامی دەدات، بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ (عجوة، ٢٠٠٨: ٤٣). لە بواری سیاسیشدا "پەرەپێدان بە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی فرەلایەنە پێناسە دەکرێت، بە ئامانجی دروستکردنی سیستمی فرەیی، بەشداری هەڵبژاردنەکان، کێبڕکێی سیاسی و، چەسپاندنی چەمکەکانی نیشتمانپەروەری و سەروەری و دڵسۆزی بۆ دەوڵەت و نەتەوە (الطيب، ٢٠١٤: ٢٢).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە پەرەپێدان بریتیە لە هەوڵدانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە و، دەوڵەمەندکردنیان بەلێهاتویی و شێوازەکانی ڕاڤەکردن و تێگەیشتن لە بایەخ و واتا و ڕۆڵی سیاسی لە بەڕێوەبردنی کایە جیاکانی کۆمەڵگە و چۆنیەتی داکۆکیکردن لە ماف و داواکارییەکانیان.

### 2.2.4 هۆشیاری

چەمکی هۆشیاری ئاماژەیە بۆ ئاراستە و ڕەنگدانەوەی دەروونی، کە بەهۆیەوە تاک بە پلەی جیاواز دەتوانێت ئاگاداری خۆی و ژینگەی دەوروبەری بێت، لەبەرئەوە هۆشیاری بریتییە لە ئاگایی تاک لە ئەرکە دەروونی و جەستەییەکان، ئاگایی لە شتەکان و جیهانی دەرەوە و، ئاگایی خۆی لە وەک ئەندامێکی گروپێکی کۆمەڵایەتی (الزيباري، ٢٠٠٦: ٣٢)، هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە: "پێی وایە هۆشیاری بریتیە لە ناسین و زانین، ئاگاداری و تێگەیشتن، پێزانین و هەستکردنە بە دەوروبەر لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە بار و پێکهاتە و دیاردە و گیروگرفتەکان" (سادق، ٢٠٠٨: ٧). لەلایەکی دیکەوە و لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە بەم شێوەیە پێسناەی هۆشیاری کراوە، کە "بریتیە لە ڕادەی هەستپێکردنی مرۆڤ بۆ تەواوی ڕوداو و بارودۆخەکانی چواردەوری و ئاماژە و نهێنیەکانی پشت ئەو ڕوداوانە" (رحيم، ٢٠٢٣: ١٢).

لەم توێژینەوەیەشدا؛ هۆشیاری بە چەمکێک پێناسە دەکەین، کە گوزارشت لە بارێکی ئاگای دەروونی تاک دەکات، کە تیایدا عەقڵ لە حاڵەتێکی هۆشیاریدایە و، مرۆڤ بەهۆیەوە توانای هەستکردن و تێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕوداوە سیاسیەکانی چواردەوری بەشێوەیەکی عەقڵانی دەبێت.

### 2.2.5 هۆشیاری سیاسی

لەبارەی چەمکی هۆشیاری سیاسی امام عبد الفتاح امام بەم شێوەیە پێناسەی کردوە "هۆشیاری سیاسی؛ هۆشیاری هاوڵاتیە بە مافە سیاسیەکانی خۆی، مافی لە ژیاندا، لە خاوەندارێتیدا، لە بیرکردنەوە، لە دەربڕینی بیروبۆچونەکانی و، لە ڕێزگرتن لە کەرامەتی" (شواني، ٢٠١٤: ٣٦). هەروەها لەم پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە؛ "مەبەست لە هۆشیاری سیاسی هەموو ئەو زانیارییە سیاسیانە دەگرێتەوە، کە لە لای تاکەکان لەبارەی سیاسەت لەسەر ئاستی ناوخۆیی ونێودەوڵەتیەوە هەیەتی" (خيرة، ٢٠١٨: ٦٥)، بەڵام لە پێناسەیەکی نوێدا بەم شێوەیە گوزارشت لە پێناسەی هۆشیاری سیاسی کراوە: "هۆشیاری سیاسی واتا درککردنی ئەقڵی تاکە بەکاروباری سیاسی و، تێگەیشتن لە ڕووداوەکان لە ڕوانگە سیاسیەوە" (رحيم، ٢٠٢٣: ١٣) .

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە هۆشیاری سیاسی درکپێکردنی تاکە بە واقیعی ڕوداوە سیاسیەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیی، لەگەڵ زانینی سروشتی کاریگەری ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە دەوریان داوە، لەگەڵ ئاشنابوون بە مافە کەسیەکانی لە ڕێزگرتن و گوزارشتکردن لە بیروبۆچونەکانی و بەشداریکردنی لە سیاسەت بەسوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی میدیای جەماوەری.

## 2.3 توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان

### 2.3.1 توێژینەوەکانی پێشوو

2.3.1.1 توێژینەوەی طاهر حسو الزيباري (٢٠٠٨) بەناونیشانی (دور وسائل الإعلام في تنمية الوعي السياسي والمشاركة السياسية لدى الشباب الجامعي)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی هێڵە بنەڕەتییەکانی ڕۆڵی میدیایە لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و بەشداری سیاسی لەلای گەنجانی زانکۆ، بەتایبەت ئاشنابون بە بەشداریکردنی ئامرازە جیاکانی میدیا لە کوردستان بۆ بەدیهێنانی هۆشیاری سیاسی و بەشداری سیاسی. هاوکات ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکە دیراسەکردنی بۆچوونی گەنجانی زانکۆیە، وەک وەرگرانی پەیامی میدیا، توێژەر میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژی و میتۆدی مێژوویی بەکارهێناوە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان پشتی بە فۆرمێکی چاوپێکەوتن بەستووە و، (200) خوێندکاری وەک یەکەی توێژینەوەکەی بە نمونەی هەڕەمەکی ڕێکخراو لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر وەرگرتووە، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوتووە دابەزینێکی بەرچاو لە ئارەزوی گەنجان بۆ گوێگرتن لە بەرنامە سیاسیەکان لە ڕادیۆیەکان هەیە، بەڵام هەر لە توێژینەوەکەدا ئەوەش دەرکەوتووە کە ئەزمونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەندامێتی خوێندکاران لە حزبە سیاسییەکان و بەشداری سیاسیان زیادی کردوە، هەروەک بەرزترین شێوەی بەشداری سیاسی لە نێو خوێندکارانی زانکۆ لە

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp142-151

کۆلێژی ئاداب لە پڕۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕوویداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە بەوەش گەیشتووە، کە هۆشیاری سیاسی و بەشداری سیاسی بەگشتی لەنێو گەنجانی زانکۆکاندا بە یەک ئاست نیە.

2.3.1.2 توێژینەوەی امام شكري ابراهيم احمد القطان (٢٠٠٩) بەناونیشانی (دراسة عن دور الفضائيات العربية في تنمية الوعي السياسي للطلاب).

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە دەستنیشانکردنی ڕادەی بەشداریی خوێندکاران لە بەرنامە سیاسییەکانی کەناڵە ئاسمانیە هەواڵییە عەرەبییەکان، لەگەڵ ئاشنابوون بە ڕادەی کەناڵە ئاسمانیە هەواڵییە عەرەبییەکان لە هاندانی خوێندکارانی زانکۆ بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسییەکان، لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە بابەتەکانی سیاسی و بەرنامە سیاسییەکان لە پێشەنگی ئەو بابەتانەن، کە خوێندکارانی زانکۆی مصر لە کەناڵە ئاسمانیە هەواڵییە عەرەبییەکان وەریدەگرن، هەروەها دەرکەوتووە سروشتی ئەو چالاکییە سیاسییانەی کە خوێندکارانی زانکۆ بەشداریان تێدا کردوە، دەرئەنجامی تەماشاکردنی بەرنامە سیاسییەکان لە کەناڵە ئاسمانیە هەواڵییە عەرەبییەکان بووە.2.3.1.3 توێژینەوەی فؤاد علي احمد (٢٠١١) بەناونیشانی (دور وسائل الإعلام في تفعيل المشاركة السياسية في اقليم كوردستان العراق).

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ڕۆڵی میدیای کوردی لە کاراکردنی بەشداری سیاسی ڕای گشتی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها زانینی گۆڕاوە بنەڕەتییەکانی خوێندن، باری ئابووری کۆمەڵایەتی، شوێنی نیشتەجێبوون، ڕەگەز، تەمەن، پیشە و، پەیوەندییەکانیان بۆ ڕۆڵی ئامرازەکانی بەشداری سیاسی. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتیە لە دانیشتوانی سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، کە(450) تاکی وەک نمونەی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سیستماتیک هەڵبژاردوە. لە ئەنجامدا؛ توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک دەرئەنجام کە دیارترینیان ئەمانەن: بەرکەوتنی بەرفراوانی تاک بە میدیاکان هانیان دەدات بۆ گفتوگۆی سیاسی، بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانی کوردی لە کوردستانی عێراق هاوتەریبی پەرەپێدان سەرهەڵدان و زیادبوونی ڕێکخراو و ئۆرگان و کۆمەڵە و لایەنە سیاسییەکانی کوردی بووە. هەروەها لە توێژینەوەکە دەرکەوتوە، کە میدیای کوردی ڕۆڵی لە چالاککردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە. هەروەها پێشکەوتنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و گۆڕینی لە کاری نەریتی بۆ نوێگەری ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشەی ناوخۆیی و دەرەکی بۆتەوە.

2.3.1.4 توێژینەوەی حیدر فالح زاید (٢٠١٨) بەناونیشانی (دور البرامج الحوارية في القنوات الفضائية العراقية وأثرها في تنمية الوعي السياسي للمواطن)

ئامانج لە توێژینەوەکەی زانینی ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانیە عێراقیەکان و کاریگەریان لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیانە، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفی شیکاری و، لەم توێژینەوەکەیدا میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە (١٠٠) کەسی بەشێوەیەکی هەرمەکی لە دانیشتوانی شاری ناسریە بۆ نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردوە، لە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەوەی کە بەرنامەکانی گفتوگۆی سیاسی لە کەناڵە ئاسمانیە عێراقیەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو ڕۆڵیان لە زیادکردنی هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیان هەبووە.

2.3.1.5 توێژینەوەی کاروان محمد حسن (2019) بەناونیشانی (دور القنوات الفضائية الكوردية في تشكيل الوعي السياسي لدى الشباب الجامعي، دراسة ميدانية لعينة من الشباب الجامعات في مركز مدينة السليمانية).

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکانە لە دروستکردنی هۆشیاری سیاسی و ئاشنابون بەو بابەتە سیاسیانەی کە جێ بایەخی گەنجانە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر (150) فۆرمی لە زانکۆی سلێمانی و گەشەپێدانی مرۆیی دابەش کردوە، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بە تێکڕای ناوەندی ژمێریاری (2.38) بەشدارن لە زیادکردنی کەلتوری سیاسی لەنێو گەنجان، هەروەها بە تێکڕای ناوەندی ژمێریاری (2.29) کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ئەو خەڵکەی کە ئارەزووی پرسە سیاسییەکان دەکەن، هەروەک لە پلەی سێیەمی ئەنجامەکاندا و، بە تێکڕای ناوەندی ژمێریاری (2.28) دەرکەوتووە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان ڕۆڵیان لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسیی سەبارەت بە زۆرێک لە پرسە ناوخۆیی و جیهانییەکان لەلای گەنجانی زانکۆ هەبووە.

2.3.1.6 توێژینەوەی هاوبەشی Muhammad Muzaffar1, Sarwat Chodhry , Naila Afzal (2019)

بەناونیشانی (Social Media and Political Awareness in Pakistan: A Case Study of Youth).

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیال میدیایە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی لای گەنجانی پاکستان، توێژەران میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە، هەروەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان (٣٨٤) خوێندکاری بەکالۆریۆس و ماستەریان لە فاکەڵتیەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان لە زانکۆ حکومیەکانی شاری گوجرانوالا (Gujranwala) بەشێوەی نمونەی هەڕەمەکی سیستەماتیک وەرگرتوە و فۆرمی ڕاپرسیان بەسەردا دابەش کردوە. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە؛ کە سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گرنگ لە کۆمەڵایەتیکردنی گەنجانی پاکستان دەگێڕێت، بەڵام لە بواری سیاسیدا، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە سۆشیال میدیا تا ڕادەیەک بەشدارە لە زیادکردنی هۆشیاری سیاسی لەنێو گەنجانی پاکستان، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نیە.

2.3.1.7 توێژینەوەی دانا فاضل محمد سالح (٢٠٢٠) بەناونیشانی (ڕۆڵی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسیدا)

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ڕۆڵی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسی، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر میتۆدی شیکاری وەسفی لە توێژینەوەکەی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشی بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، لەو چوارچێوەیەشدا (٣٧٨) خوێندکاری وەک نموونەی توێژینەوەکەی بەشێوەی (هەرەمەکی، چینایەتی) لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ بەهەردوو ڕەگەز وەرگرتوە، لە کۆتایشدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام و بۆی دەرکەوتووە؛ کە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە بەهای دەرهێنراوی (0.303) ڕۆڵیان لە دروستکردنی هۆشیاری سیاسی بەپێی ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە هەیە، ئەوەش واتای ئەوەیە ڕۆڵەکان تا ڕادەیەک بەهێزن، لەهەمانکاتدا دەرکەوتووە پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان لەسەر خوێندنەوەی وردی ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان هەیە، هەروەها ئەوەش

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp142-151

دەرکەوتووە کە پێگەکانی پەیوەندی ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی هەست و دروستکردنی لایەنگیری سیاسی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی هەیە.

2.3.1.8 توێژینەوەی إیلاف رائد اسماعیل (٢٠٢٢) بەناونیشانی (دور الإعلام الجديد في تنمية الوعي السياسي لدى الشباب الجامعي)

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە ئاشنابون بە ڕادەی هۆشیاری سیاسی گەنجانی زانکۆ لە ڕێگەی میدیای نوێ بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها زانینی ڕادەی ئارەزووی گەنجانی زانکۆ بۆ ئەو بابەتە سیاسییانەیە، کە لەلایەن میدیا نوێیەکانەوە پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ ئاشنابوون بە ڕادەی کارلێکی جەماوەر لەگەڵ ئەو بابەتە سیاسیانەی کە میدیا نوێیەکان پێشکەشیان دەکات، توێژینەوەکە؛ توێژینەوەیەکی وەسفیە کە هەوڵدەدات وەسفی دیاردەکە بکات بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی گونجاو، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی شاری بەغداد، بۆ ئەو مەبەستەش (١٠٠) خوێندکاری بەپێی نمونەی مەبەستدار، بەشێوەیەکی یەکسانی لە ناو خوێندکارانی زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی بەغداد وەرگرتوە، لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە میدیاکان بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارییان کردوە لە زیادکردنە هۆشیاری سیاسی لای گەنجانی زانکۆ، چونکە ڕێگە بە گروپە جیاکانی کۆمەڵگە دەدات زانیارییە سیاسییەکان بەدەست بهێنن و گفتوگۆی سیاسی بکەن، بەڵام ئەوەش دەرکەوتووە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرن لە هاندانی هەندێک گۆڕانکاری لە کاروباری سیاسیدا بەتایبەت لە بڵاوکردنەوەی وتاری ڕەگەزپەرستانە و ڕقاوی و هاندان بۆ توندوتیژی و پارچەپارچەکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی.

### 2.3.2 تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

دوای خستنەڕووی چەند توێژینەوەیەکی جیاواز، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سەرەڕای جیاوازیی ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو و ستراتیژی کارکردنیان لە بەکارهێنانی میتۆد و کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکانیان، بەڵام، زۆربەی توێژینەوەکان:-

پشتڕاستیان کردۆتەوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەرکەوتن بە میدیای جەماوەری وو زانیارییەکانی هاووڵاتییان سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان و زیادکردنی ئارەزووی بەشداریکردنی سیاسی هەیە و، ڕۆڵێکی سەرەکیشیان لە دروستکردنی زانیاری و هۆشیاری لەنێو خەڵکدا هەیە .

لەسەر ئەوە کۆک بوون کە میدیای جەماوەری بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت هاندەر بوون لە بەشداریکردنی سیاسی و بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری سیاسی و پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و، بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی هاوڵاتیان و بەشداریکردنیان لە چالاکیە سیاسییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی گوێگرتن لە میدیای کلاسیکی بەتایبەت لە بەرنامە سیاسیەکان لە ڕادیۆ کەمیکردوە.

زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر بابەتەکانی پەرەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوڕا بوون کە لە ڕێگەی میدیای جەماوەری باس دەکرێن؛ وەک داڕشتنی کەلتوری سیاسی، بەرەوپێشبردنی بەهاکانی دیموکراسی و ئازادی، داڕشتنی بیروڕای گشتی، بەهێزکردنی ڕۆحی نەتەوەیی، دڵسۆزی و سەربەخۆیی، بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی، ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گفتوگۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

هەروەها لە توێژینەوەکاندا دەرکەوت، کە زۆربەی ئەو چالاکیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان باس دەکرێن، کاریگەری لە پیادەکردنی مافە سیاسیەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی هەیە، هەربۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هاندەر بوون لە خۆپیشاندان و کەمپین بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و، ڕەخنەگرتن لە سروشت و بەشداری سیاسی.

توێژینەوەکانی پێشوو گەیشتون بەو ئەنجامەی، کە باڵادەستییەکی ڕوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و دیجیتاڵ میدیا و ئاستی متمانەپێکردنیان لەناو جەماوەر زیادی کردووە، ئەوەش کاریگەری لەسەر کۆکردنەوە و بەشداریکردنی گەنجان لە ژیانی سیاسیدا هەیە. هەروەها کۆکن لەسەر ئەوەی توێژی گەنجان زۆرتر کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان لەسەرە.

ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی پێشوو جیادەکاتەوە، تایبەتمەندییەکەیەتی، کە بەشێوەیەکی تیۆری و وەسفی باس لە میدیای جەماوەری و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و بەشداریکردن لە پرس و چالاکیە سیاسییەکان بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان دەکات.

## 3. ئەرک و ڕۆڵی میدیا لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی

### 3.1 ئەرکەکانی میدیای جەماوەری بۆ پەرەپێدانی سیاسی

ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەدا زۆر گرنگ و جۆراوجۆرە، ڕۆڵی دیاریان لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری جەماوەر و پەرەپێدانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەیە، هەربۆیە دامەزراوە  سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بایەخی زۆر بە میدیای جەماوەری دەدەن، چونکە بۆیان دەرکەوت کە ئەم ئامرازانە خزمەت بە ئامانجەکانیان دەکات، لە بواری پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسیدا ئامرازەکانی میدیای جەماوەری (تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، ڕادیۆ، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان...هتد) چەند ئەرکێکی گرنگ جێبەجێ دەکەن، کە بریتین لە-:

- ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری: ئەوە ئەرکی سەرەکی میدیایە ڕۆژانە ڕووداو و بابەتی گرنگ لە بوارەکانی جیاکان بەگشتی و بواری سیاسی بەتایبەتی بە جەماوەر بگەیەنێت و، بەدواداچوون بۆ پێشکەوتن و کاردانەوەکانیان لەسەر کۆمەڵگە بکات(شوانی، ٢٠١٤: ٣٣)، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاشنای ژینگەی دەوروبەری بێت، بزانێت ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەری ڕوودەدەن چین و چۆن و بەرەو کوێ دەڕوات، ئەرکی میدیاشە ڕووماڵی ڕووداوە سیاسیانەکان بە شێوەیەکی بێلایەن و ورد و ڕاستگۆیانە بکات، بە مەبەستی بەدەستهێنان و پاراستنی متمانەی جەماوەر.
- ڕێنمایی و دروستکردنی هەڵوێست و ئاراستەکان: ئەرکی ڕێنماییکردن لە ڕێگەی ناوەڕۆک و کەرەستە جۆراوجۆرەکانی میدیا ئەنجام دەدرێت. ئەم ئەرکە جەخت لە پێکهێنانی ڕای گشتیی دەکاتەوە، بەو پێیەی ئامرازەکانی میدیای جەماوەری یارمەتیدەرە لە پێکهێنانی ڕەوتەکان، ئەوەش لە ڕێگەی بەرژەوەندییەکانیان بۆ هاندانی دیالۆگ و ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن و، بڵاوکردنەوەی بۆچوونە جیاکان (عیاد، ٢٠١٦: ١٧)، لێرەدا میدیای جەماوەری داوای هاوکاریی لەو کەسایەتی و پسپۆڕانە دەکات، کە خاوەن بیر و بۆچوونن بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیانی سیاسی بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆیەکی بەرهەمدار، بە تایبەت ئەگەر ئەو پرسانەی کە باس دەکرێن پەیوەندییەکی نزیکیان بە پرسە سەرەکییەکانەوە هەبێت، بەو هۆیەشەوە

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp142-151

میدیا كەشێكی گونجاو بۆ گفتوگۆی سیاسی و پەیوەندی لە نێوان سەركردەكان و جەماوەر دروست دەكات.

- یەكانگیری كۆمەڵایەتی: یەكانگیری خەسڵەتێكە، پاڵ بەتاكەكانی كۆمەڵگەوە دەنێت بۆ هەبوونی ئینتیما بۆ كۆمەڵگەكەی وقولبوونەوەی هەستكردن بەدڵسۆزی و بەهێزكردنی پەیوەندی دەروونی، ئەو كارەش دەبێتە هۆی پاریزگاریكردنی تاك لە كۆمەڵگەی (عیاد، ٢٠١٦: ١٥)، ئەم ئەركەی میدیاش لە میانەی روونكردنەوە و شیكردنەوە وگفتوگۆكردن لەسەر زانیاری و بابەتە وروژێندراوەكان لە پرۆگرامەكان و هەواڵەكان وبابەتە رۆژنامەوانیەكانی دیكە بەدی دێ، پاشان دەبێتە پاڵپشتیەك بۆ پاڵپشتیكردنی گشتی لەبارەی بابەتێك و هەڵوێستێك، بەو هۆیەوە یەكانگیری كۆمەڵایەتی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگە بەدی دێ و بەهێز دەبێ (شوانی، ٢٠٢١: ٣٩-٤٠)، واتا ئەركی میدیای جەماوەرییە یەكانگیری لە نێوان ئەندامانی كۆمەڵگە لە بوارە سیاسیەكان بەدی بهێنێ، نەک كۆمەڵگە بەرەو پارچە پارچەكردن ببات .

- ئەركی زیادكردنی كەلتوور و زانیاری سیاسی: ئەم ئەركە بریتییە لە پەروەردەكردنی سیاسیانەی تاكەكانی كۆمەڵگە، كە خۆی لە بڵاوكردنەوەی هەواڵ و بەرنامەی مێژویی و دۆكیۆمێنتاری لە بارەی وردەكارییەكانی رووداوە سیاسیەكان لەرووی كات و شوێن و بەهای مێژووییدا دەبینێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی فراوانكردنی دیدگە و تێروانین و زانیارییە سیاسیەكانی تاكەكان، بەم شێوەیە میدیا ئەركی لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی لە كۆمەڵگە رادەپەڕێنێت و، بەهۆیەوە "تاک بەواتاكانی نیشتیمان و وڵات و هاوڵاتیبوون و خۆشویستنی وڵات و نەتەوە ئاشنا دەبێت، هۆشیاری سیاسی و نیشتیمانی و هاوڵاتیبوونی لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاستی فێركردنەكەدا بەرز دەبێتەوە" (شریف، ٢٠٠٨: ٣٩).

- ئەركی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی سیاسی: بەهۆی ئەم ئەركەوە تاک ئامادە دەكرێ بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن كەسایەتیەكی سیاسی تا لە كایەی سیاسیدا بتوانێ كارلێكی ئەرێنی بكات، لە چوارچێوەی ئەو رۆڵە سیاسیەی بۆی دیاری دەكرێ (الخریف: ٣٣)، هاوكات میدیا لەم ئەركەیدا هەوڵی گواستنەوەی میراتی سیاسی، بەها سیاسیەكان و شێوازەكانی رەفتار و هەڵس و كەوتی سیاسی لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەدات، هەروەها هەوڵ بۆ دابینكردنی كۆگایەكی زانیاری هاوبەشی سیاسی دەدات تا تاكەكانی كۆمەڵگە بتوانن وەک ئەندامی كاریگەر سودی لێ وەربگرن و، بەهۆیەوە بتوانن بەشداری لە بوارە سیاسیە جیاكان بكەن بڕیار لەبارەی چۆنیەتی خزمەتكردنی نیشتیمان لە بوارە جۆراوجۆرەكان بدەن (رسول، ٢٠١٥: ٣٦)، لەهەمانكاتدا بۆ ئەوەیە لە كێشە سیاسیە ناوخۆیی و دەرەكیەكان شارەزابن لە پێناو دیاریكردنی نەخشەرێی كاروبارە سیاسیەكان بەشێوەیەكی باشتر.

- ئەركی پەرەپێدان: ئامرازەكانی راگەیاندنی جەماوەری رۆڵێكی سەرەكی لە پرۆسەكانی پەرەپێدان لە بوارەكانی چاكسازی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و كەلتوری دەگێرن، چونكە میدیا تەنها ئامرازێک نیە ئەركی بریتی بێ لە بەستنەوەی سەركردایەتی بە بەجەماوەر، بەڵكو ئامرازێكە لە رێگەیەوە ئەركی هەڵسەنگاندن، بەدواداچوون، راستكردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەكانی سیاسیش دەگرێتە ئەستۆ، ئەوەش "بەهۆی بڵاوكردنەوەی كەلتوری سیاسی بەرێگەی پێشكەشكردنی ماتریاڵ و پرۆگرامی میدیایی لە شێوازی ناوەرۆكی هەواڵی، فێركاری...بۆ بەجێهێشتنی كاریگەری لەسەر رای گشتی جەماوەر و ئاراستەكردنیان بە رێگەی دەستنیشانكردنی جۆری رەفتار و هەڵس و كەوتی تاكەكان" (جەبار، ٢٠٢٠: ٤٦) ئەم كارە دەبێتە هۆی پەرەپێدان و هۆشیاری سیاسی هەمەلایەنە و بەردەوام، كە بەهۆیەوە هێزە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگە لە بەردەم پرسێكی گشتیدا كۆدەكاتەوە، بۆ نموونە كۆكردنەوەی خەڵک بۆ كارێكی خۆبەخشی و هاوكاری، یان هەوڵدان بۆ كۆكردنەوەی نارەزایەتی و فشارخستنە سەر دەسەڵات بۆ جێبەجێكردنی داواكارییە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان.

- ئەركی قایلكەر یان باوەڕپێهێنان: میدیای جەماوەری لەم ئەركەیدا ئامانجی پێشكەشكردنی وتارێكی عەقڵانییە، كە عەقڵ و لۆژیک هاوشێوە بكات و، بە بەڵگەی روون لەگەڵ جەماوەر گفتوگۆ بكات بۆ قەناعەتپێكردنی وەرگر بە بابەتێكی سیاسی دیاریكراو، كە لە پەیامی نێرەر بۆ جەماوەرێكی دیاریكراو هەیە، زۆرجار ئەمە لە هەڵمەتەكانی بانگەشەی پێش هەڵبژاردنەكان كاری لەسەر دەكرێ، "چونكە بێ پرس دەچێتە هەموو ماڵەكان و رێگەیەكی خێرایە بۆ گەیشتن بە جەماوەری دەنگدەر و خاوەن هێزێكی سەرسوڕهێنەرە لە جیهانی سیاسی و و هاوكاریكردنی چالاكوانانی سیاسی بەتایبەت لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا"(شوانی، ٢٠١١: ٩٠-٩١) .

- دروستكردنی پەیوەندی سیاسی: بەزۆری ئەركی بەركەوتنی سیاسی بە پەیوەندی هاوبەشی نێوان تاكەكان لەگەڵ یەكتر پێناسە دەكرێت، ئەم بەركەوتنە جۆرێكە لە ناسینی سیاسی و كۆمەڵایەتیانە كە لە رێگەی میدیاوە روودەدات، بەهۆیەوە پەیوەندیە سیاسییەكان قووڵتر دەكات و پەرەی پێدەدات، بۆ نموونە كاتێک رۆژنامەكان، یان تەلەڤزیۆن و رادیۆكان؛ رۆژانە هەواڵی سیاسی و كۆمەڵایەتی سەبارەت بە كەسایەتیە سیاسیەكان، حزبە سیاسیەكان، یان دامەزراوە سیاسیەكان بڵاودەكەنەوە، پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان جەماوەر و ئەو كەسایەتی و لایەن و حزبە سیاسیانە دروست دەكەن، ئەوەش وا دەكات دامەزراوەكانی میدیا؛ جەماوەر بە كۆمەڵێک حزب و دامەزراوەی سیاسی یان ئەو كەسانە بناسێنن كە لە رێگەی ناوبانگی سیاسەتدان.

- كات بەسەربردن: تەرخانكردنی كات و شوێنی بەسەربردن لە ئامرازەكانی میدیای جەماوەری گرنگیەكەی لە ئەركەكانی دیكە میدیا كەمتر نییە، چونكە تاک ناتوانێت لە هەموو ژیانیدا بە كاری جددی بژی، هەر بۆیە دەبینین لە بواری كات بەسەربردنیشدا گۆشەو و بەرنامە و كەناڵی كات بەسەربردنی ئامانجدار هەیە (عیاد، ٢٠١٦: ١٨)، كە لە رێگەیانەوە دەتوانرێت بانگەوازی هەندێک هەڵوێست بكرێت و هەندێک رەوتیش پاڵپشتی بكرێت، یان دەستكاری هەندێک هزری بەر بڵاو لە كۆمەڵگە بكرێت، یاخود بگۆڕدرێت، بێگومان ئەمەش پێویستی بە شێوازی گونجاوی كاركردن لەلایەن میدیاكان هەیە. بۆیە جاری وا هەیە ئامرازەكانی میدیای جەماوەری لە رێگەی بەرنامە جۆراوجۆرەكانی كات بەسەربردن، كاردەكەن بۆ بڵاوكردنەوەی هۆشیاری سیاسی، بۆ نموونە بەرنامەی پرسیار و وەڵامی جۆراوجۆر ئامادە دەكەن، یان چالاكی هونەری و گۆرانی وتن رێكدەخەن، یاخود بەرنامەی تەنز ئامێز لەگەڵ كەسایەتیە سیاسیەكان بەتایبەت لەكاتی بانگەشەی هەڵبژاردن پێشكەش دەكەن، ئەوەش رێگەیەكی دیكەیە كە میدیا پەیرەوی دەكات بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندییە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكانی وەرگر، بەڵام لێرەدا دەبێ هاوسەنگییەک لە نێوان ئەركەكانی میدیای جەماوەریدا هەبێت، بۆ ئەوەی كات بەسەربردن زاڵ نەبێت بەسەر ئەركەكانی تردا، یان بەپێچەوانەوە.

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp142-151

- پڕۆپاگەندە: پڕوپاگەندە هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدایە ببێتە مەرجەع و چاوساغی جەماوەر لە چالاکیە سیاسیەکاندا، لەم پێناوەشدا هەڵسوڕاوانی پڕوپاگەندەی سیاسی لە هەوڵی زەمینەسازی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێدان بۆ مەبەستی کۆدەنگی (جەبار، ٢٠٢٠: ٢٣)، هەروەک هەوڵ بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە، لە کاتێکی دیاریکراو دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو، ئەوەش سێ جۆری هەیە کە بریتین لە پڕوپاگەندەی سپی کە سەرچاوەکەی زانراوە، ئامانجەکە مەبەست و تایبەتە، کاریگەریەکەی ڕوونە، هەرچی پڕوپاگەندەی ڕەشە ئامانجەکان، ناسنامە، گرنگی و سەرچاوەکەی شاراوەیە، بەڵام پڕوپاگەندەی خۆڵەمێشی لە چوارچێوەی بابەتێکی ڕاگەیەندراوی، بابەتی دیکەی ڕانەگەیەندراو دەشارێتەوە.

کەواتە: ئەرکی سیاسیەکانی میدیای جەماوەری لە پێشەنگی ئەو ئەرکانەدا دێ، کە میدیا جێبەجێیان دەکات، چونکە ئامرازەکانی میدیا ڕۆڵی گرنگ و تایبەتیان لە بەشداریکردن تاک لە پرۆسەی سیاسیدا هەیە، ئەوەش بە چڕکردنەوەی سەرنج و کارەکانیان لەبارەی بابەتە سیاسیە جۆراوجۆرەکان بۆ دروستکردنی ڕای گشتی لە ڕێگەی چاودێریکردنی بابەت و نیگەرانی و کێشەکانی خەڵک، جا چ کێشەی ناوخۆیی بێت یان ئەو بابەتانەی کە کاریگەری لەسەر ژیانی جەماوەر دەبێت، لەگەڵ بابەتەکانی پەیوەست بە لایەنە نەتەوەییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کۆمەڵگە.

### 3.2 ڕۆڵی میدیا لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی

میدیای جەماوەری لە چەند ڕویەکەوە، ڕۆڵی گرنگی لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی لەسەر ئاستی تاک و گروپ و کۆمەڵگە هەیە، ئەمانەی خوارەوە بەشێک لە ڕۆڵی میدیا لە بوارەکەدا دەخاتەڕوو:

- میدیای جەماوەری توانایەکی بەرچاوی لە ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ بەشداریکردنی وەرگر لە کاروبارە سیاسیەکان و تێگەیشتن و شیکردنەوەی پەیامە سیاسیەکان هەیە، ئەوەش کاریگەری لەسەر "دەنگدان، ئەندامبون لە حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، وەرگرتنی پلە و پایەی سیاسی و گشتی، بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوە گشتیەکاندا، بەشداری لە خۆپیشاندانەکان بۆ کارتێکردن لە بڕیاری سیاسی" هەیە (شەریف، ٢٠٠٨: ٢٧).

- پەیام و بەرنامە و کارە جیاوازەکانی ژانەرەکانی میدیای جەماوەری توانایان هەیە پێداویستیە هزری و هەنوکەییەکانی تاک و کۆمەڵگە لە بواری سیاسیدا پڕ بکەنەوە، ئەوەش یارمەتیان دەدات لە پێکهێنانی بۆچونێکی هاوبەش و دەرکردنی بڕیار لە بواری سیاسیەکان (ریشاوی، ٢٠١١؛ ١٤٩).

- وەرگرانی میدیای جەماوەری بەگشتی و میدیای نوێ بەتایبەت دەرفەتی گەورە بۆ بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە گفتوگۆ سیاسیەکانی نوخبەی سیاسی و کەسایەتیە سیاسیەکان دەڕەخسێنن.

- میدیای جەماوەری و وێبسایتە ئەلیکترۆنیەکان یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی دارشتنی هۆشیاری سیاسی خەڵک، چونکە تاکەکان بەشێوەیەکی ئازادانە دەتوانن سەرەنج و بۆچونەکان وەربگرن و، بەئازادانەش بیروبۆچونەکانیان بخەنە ڕوو، ئەوەش بەهۆی ئەوەی میدیایەکی کارلێککەرە و، هاوڵاتی لە ڕێگەیەوە بەئاسانی دەتوانێ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان و کێشە جیاوازەکان بکات (رحیم، ٢٠٢٣: ٧١).

- میدیا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە دارشتنی چوارچێوەی گۆڕان و پەرەپێدانی سیاسی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا دەگێڕێت، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و لە نێوان بەئاگابوونەوە و جەماوەرە (دانیال، ٢٠٠٩: ٤٣).

- ڕاگەیاندنی جەماوەری ڕۆڵی لە چەسپاندنی ڕۆشنبیری سیاسی بە فراوانکردنی بازنەی گفتوگۆ لەسەر پرسە گشتیەکان هەیە، هەروەک هانی هاوڵاتیان دەدات تا بەشێوەیەکی ئازادانە گوزارشت لە بیروڕاکانیان بکەن، جگە لە جەختکردنەوە لەسەر ئازادی وەک بەهایەکی بنەڕەتی و، پەرەپێدانی ڕۆحی خۆڕاگری لەنێو جەماوەردا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەموو شێوازەکانی نادادپەروەری و ستەمکاری ببنەوە (عجوة، ٢٠٠٨: ١٨٣).

- میدیای جەماوەری ڕۆڵی کاریگەرانەی لە بەهێزکردنی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیدا هەیە، ئەوەش بە پشتیوانیکردنی دیموکراسی و دابینکردنی مۆدێلی ڕەفتاری سیاسی، کە بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی بەرز بکاتەوە، کاتێک میدیا بەشێوەیەکی هاوسەنگ مامەڵە لەگەڵ پرسە سیاسییە جیاوازەکان دەکات و، بۆچونی هەموو هێزە سیاسییە جیاوازەکان دەخاتەڕوو، یارمەتیدەر دەبێ لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و پێکهێنانی بۆچوونێکی ڕاست و دروست لەلای جەماوەر(أحمد، ٢٠١١: ٥٣-٥٤).

- میدیای جەماوەری ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە زیادکردنی پەراوێزی ئازادی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بە گشتی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر گەشەی فیکری و بونیادنانی کەلتوری سیاسی دەبێت و، دەبێتە بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ پەرەپێدانی هزری سیاسی گشتی لە کۆمەڵگە.

## 4. گرنگی و شێوە و نیشاندەرەکانی هۆشیاری سیاسی

### 4.1 گرنگی هۆشیاری سیاسی

هۆشیاری سیاسی یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکان؛ لێرەدا دیارترین خاڵەکان سەبارەت بە گرنگی هۆشیاری سیاسی بەم شێوەیە کورت دەکەینەوە:

- هۆشیاری سیاسی کار بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکان دەکات؛ بەشێوەیەکی بابەتیانە و زانستیانە دوور لە هەست و کاریگەری ژینگەیی، هەروەک یارمەتیدەر بۆ ئەوەی تاک باشتر چاودێری فاکتەرەکانی دەوروبەری بکات.

- هۆشیاری سیاسی بۆ ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا دەژی یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی بابەتە سیاسییەکان لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە (جسام، ٢٠١٧: ٣٣).

- هۆشیاری سیاسی لە واقیعی سیاسیدا ڕۆڵی هۆکارە پیلانگێڕییەکان کەم دەکاتەوە، چونکە تاک و کۆمەڵگە ئاشنای وردی کاروبارە سیاسیەکان دەکات.

- هۆشیاری سیاسی یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی ستەمی سیاسی، ئەمەش یەکێکە لە کێشە گرنگەکان و، مەترسیدارترین ئەو قەیرانانەیە کە لە کۆمەڵگەکان ڕوودەدەن، ستەم هۆکاری سەرەکی دواکەوتووییە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کەلتوری، ئابوری و دادوەری...هتد، هەربۆیە باشترین ڕێگە بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و زۆرداری ئەوەیە کە خەڵک بزانێت چییان هەیە و ماف و ئەرکەکانیان چیە (عبد الرزاق، ٢٠١٣:

٤٨-٤٩).

- هۆشیاری سیاسی یارمەتیدەر لە بەدیهێنانی دیموکراسی و، پرسەکانی ئازادی بۆ تاک و گروپەکان و بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان گروپ و پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگە.

- هۆشیاری سیاسی تێڕوانین و دیدگای تاک بۆ پرسەکانی نیشتمان و نەتەوەکەی بەرز دەکاتەوە و، بەشێوەیەکی هۆشیارانە شیکاری بۆ ئەو هەلومەرجانە دەکات، کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەکەی هەیە.

- هۆشیاری سیاسی یارمەتیدەری هاووڵاتیانە بۆ دروستکردنی کاریگەری ڕاستەقینە لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی و، گۆڕینی ڕای گشتی جەماوەری بۆ هێزێکی فشار لەسەر حکومەت و ڕژێمە گەندەڵەکان لە کاتی بەرتەسککردنەوە و پێشێلکردنی مافی و داواکارییەکان (شرقي و، حمراني ،٢٠٢١: ١٢٦).

- هۆشیاری سیاسی یارمەتی توانای تێگەیشتنی تاک لە واقیعی سیاسی دەدات، ئەوەش یارمەتیدەر دەبێ لە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوە جیاکان کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەردەکەون.

- هۆشیاری سیاسی یەکانگیری نەتەوەیی بەهێز دەکات و، هەست و ویژدانی تاک و گروپە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پشتگیریکردن لە پرسەکانی بەرژەوەندی هاوبەش یەک دەخات.

- هۆشیاری سیاسی توانای تاکەکان بۆ شیکردنەوەی بابەتیانە ڕووداوە سیاسییەکان زیاد دەکات و، یارمەتی سەقامگیرکردنی کۆمەڵگە دەدات، هاوکات هۆشیاری سیاسی؛ تاکەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ساختە دەپارێزێت، کە لەلایەن گروپە تائیفی و نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستییەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ (أبو يعقوب، ٢٠١٥: ٢٢).

### 4.2 شێوە و ئاستەکانی هۆشیاری سیاسی

هۆشیاری سیاسی ئاماژەیە بۆ ئەوەی تا چەند تاک یان کۆمەڵگە لە پرس و پرۆسە سیاسییەکان تێدەگات، ئەوەش دەتوانێت بە شێوەی جۆراوجۆر دەربکەوێت؛ لێرەدا چەند جۆرێک لە شێوە و ئاستەکانی هۆشیاری سیاسی دەخەینەڕوو-:

- هۆشیاری سیاسی بنەڕەتی: ئەم جۆرە لە هۆشیاری پەیوەندی بە تێگەیشتنێکی بنەڕەتیی لە چەمک و پرۆسە سیاسییە سەرەکیەکان هەیە، وەک ڕۆڵی حکومەت و حزب و دامەزراوە سیاسییەکان و سیستمی سیاسی.

- هۆشیاری سیاسی جەماوەری: لێرەدا هۆشیاری سیاسی پەیوەندی بە تێگەیشتن و هۆشیاریی جەماوەر لە پرسە سیاسییەکان و ڕووداوە هەنووکەییەکان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی (ناوخۆیی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی) هەیە، هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕادەی ئەو ڕوداوانە لەسەر بەرژەوەندی خەڵک لە بوارە جیاکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی...هتد (أحمد و، ابوالقاسم، ٢٠١٧ :١٦٣).

- هۆشیاری سیاسی کاریگەر: مەبەست لەم جۆرە هۆشیارییە ئاماژەیە بۆ توانای تاکەکان بۆ بەشداریکردنی کاریگەرانە پرۆسەی سیاسی، ئینجا لە ڕێگەی دەنگدان و هەڵبژاردن بێت یان بەشداریکردن لە هەڵمەتی بانگەشە سیاسییەکان لە بوارە جیاوازەکان (رحيم، ٢٠٢٣: ٦٩).

- هۆشیاری سیاسی و ئابووری: ئەمەشیان یەکێکی دیکەیە لە هۆشیارییە گرنگەکان، چونکە پەیوەندی بە تێگەیشتنی تاکەکان لە پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئابووری هەیە، لە ڕێگەیەوە تاک و کۆمەڵگە دەزانێ چۆن بڕیارێکی سیاسی کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری کۆمەڵگە دەبێت.

- هۆشیاری سیاسی کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرە لە هۆشیاری بەهایەکی زیاتر دەدات بە توانای تاک، چونکە تیشک دەخاتە سەر تێگەیشتنیان لە پەیوەندی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگە، لەوانە بابەتەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین، گوزارشتکردن لە خواست و داواکارییەکان...هتد (خيرة، ٢٠١٨: ٧٠).

- هۆشیاری سیاسی و کەلتوری: لێرەدا تاک توانای هۆشیاری سیاسی دەگاتە ڕادەیەک، کە درک بە کاریگەری بەها و نەریتە کەلتورییەکان لەسەر ڕەفتار و هەڵس وکەوتی کەسایەتی و حزبە سیاسیەکان و، دۆخی کەلتورە سیاسیە هەنوکەییەکان دەکات.

- هۆشیاری سیاسی دیجیتاڵی: ئەم جۆرە هۆشیارییە پەیوەستە بە تێگەیشتنی تاکەکان لە تەکنەلۆژیا و ڕۆڵی میدیای دیجیتاڵی لە داڕشتنی بۆچوونەکانیان و ئاراستەکردنی سەرنجیان بۆ پرسە سیاسییە هەنوکەییەکان لەخۆدەگرێت، لێرەدا ئاستی هۆشیاری تاک لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە سیاسیەکان لە میدیای دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەدەر دەکەوێ، چونکە ئەو جۆرە میدیا بەوە ناسراوە کە کارلێکەر و ڕاستەوخۆیە.

- هۆشیاری سیاسی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی: تێگەیشتن لە پەیوەندییە سیاسییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و کێشە نێودەوڵەتیەکان و ئاگاداربون لە ململانێ سیاسیەکان و ڕۆڵی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە چارەسەرکردنی گرفتە سیاسیەکان و قەیرانە سیاسیەکان، جۆرێکی دیکەیە لە هۆشیاری سیاسی تاک، کە ڕاگەیاندنی جەماوەری ڕۆژانە لە ڕێگەی ڕەوانەکردنی پەیامە جۆراوجۆرەکانی دەیگەیەنێت بەجەماوەر .

### 4.3 ئاماژە و نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی

پێوەرەکانی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی بریتین لە کۆمەڵێک نیشانە و پێشهات، کە ئاماژەن بۆ باشتربوونی تێگەیشتنی تاکەکان لە پرسە سیاسییەکان و، زیادبوونی ڕێژەی بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسیەکاندا. لێرەدا چەند نیشاندەرێک دەخەینەڕوو، کە دەتوانرێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی لە کۆمەڵگەکان:

- ڕێژەی دەنگدان: زیادبوونی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بەتایبەت لە کۆمەڵگە تازە گەشەسەندوەکان گوزارشتە لە باشتربوونی هۆشیاری سیاسی و بەشداری دیموکراسی.

- بەشداری کۆمەڵگەی مەدەنی: زیادبوونی ژمارە و ڕێژەی بەشداری تاکەکان لە چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکان و دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە پرسە سیاسییەکان لە لایە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەدا.

- بەرنامە میدیاکان: بەرزبوونەوەی ژمارەی بینەر یان خوێنەر، یاخود گوێگرتن لە میدیای سیاسی دەتوانێت ڕەنگدانەوەی زیادبوونی هۆشیاری سیاسی بێت.

- بەشداریکردن لە گفتوگۆ گشتییەکان: زیادبوونی بەشداریکردن لە گفتوگۆی گشتی

سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان لە ڕێگەی سۆشیال میدیا یان لە بۆنە ناوخۆییەکان، یاخود چالاکیە سیاسیە جۆراوجۆرەکان؛ لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە شێوەی ئۆنلاین لەگەڵ ناوەڕۆکی سیاسی کارلێک دەکەن و، بەشداری لە گفتوگۆی ئۆنلاین دەکەن هەموو ئەمانە نیشاندەری بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیارییە لە کۆمەڵگە (قادر، ٢٠٢١: ٦٨).

- بەشداری لاوان: زیادبوونی بەشداریی گەنجان و ژنان لە چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەیە بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی (عبداللطیف، ٢٠٠٢: ٧٥).

- شیکاری ڕەخنەگرانە بۆ هەواڵ: بەرزبونەوەی ئاستی توانای شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی هاوڵاتیان بۆ هەواڵەکان و، تێگەیشتن لە چوارچێوەی ڕوداوە سیاسیەکان بە پێوەرێکی دیکەی پەرەپێدانی سیاسی دادەنرێت.

- پەروەردەی سیاسی: زیادبوونی ڕێژەی کردنەوەی خول و ڕاهێنانەکان لە بواری پەروەردەی سیاسی و، بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بەرنامەکانی تایبەت بە بابەتە سیاسییەکان نیشاندەرەی پەرەپێدانی سیاسیە.

- کارلێککردن لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکان: زیادبوونی ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە هەر کۆمەڵگەیەک لە گفتوگۆکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت و بەشداریکردن لە بڕیاردان لەسەر ئاستی ناوخۆیی؛ نیشاندەری ڕەنگدانەوە و پەرەپێدانی باشتربوونی هۆشیاری سیاسی لەو کۆمەڵگەیەیە (أحمد و، ابوالقاسم، ٢٠١٧ :١٦٣).

## 5. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە ئەنجامی تاوتوێکردنی لایەنە جیاکانی میدیای جەماوەری و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی، توێژینەوەکە؛ گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. میدیای جەماوەری تا ڕادەیەکی باش ڕۆڵی لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی تاک و گروپ و کۆمەڵگە هەیە.
2. میدیای نوێ؛ لە ئێستادا گرنگی و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی جیهانی پەیداکردووە، ئەوەش بەهۆی پەیوەندییەکەی لە دروستکردن و کۆکردنەوەی ڕای گشتی لەسەر هەموو ئاستەکان و لە کاتێکی پێوانەیی، هەربۆیە ئێستا بۆتە ئامرازێکی گرنگ بۆ برەودان بە هۆشیاری سیاسی لە کۆمەڵگەکان.
3. میدیای جەماوەری بۆتە ئامرازێکی گرنگ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی بەرژەوەندیی تاکەکان بەتایبەت لە بواری سیاسی و، ئاگاداربون لە ڕوداوە سیاسیەکان و تێگەیشتن لە بابەتە سیاسیەکان.
4. میدیای جەماوەری بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکان لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسی و، بڵاوکردنەوەی کەلتوری بەشداری سیاسی لە پرسە سیاسییە هاوچەرخەکانی کۆمەڵگە دادەنرێت.
5. میدیای جەماوەری بەئامرازێکی گرنگی پەروەردەی سیاسی و پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی دادەنرێت، ئەوەش بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەمکە سیاسییەکان و باسکردن لە سیستمی سیاسی و حزبی سیاسی و بەشداری سیاسی.
6. دەزگاکانی میدیای جەماوەری دەتوانن ڕۆڵی گرنگیان لە پێدانی دەرفەت بۆ هاووڵاتیان هەبێ بۆ دەربڕینی بیروڕای سیاسی خۆیان، وەک هەوڵدانێک بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و دەربڕینی داواکارییە سیاسییەکان، کە لەگەڵ دەسەڵات و بڕیاردەرانی سیاسیدا ناکۆکە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین دەبێت.

## سەرچاوەکان

ابو يعقوب، شدان يعقوب خليل (٢٠١٥) أثر مواقع التواصل الاجتماعي على الوعي السياسي بالقضية الفلسطينية لدى طلبة جامعة النجاح الوطنية، نابلس: جامعة النجاح الوطنية (رسالة ماجستير في التخطيط والتنمية السياسية- غير منشورة) .

احمد، فوئاد علی (٢٠١١) دور وسائل الإعلام في تفعيل المشاركة السياسية في اقليم كوردستان العراق (أطروحة دكتورا غير منشورة) السليمانية: جامعة السليمانية.

احمد، ناصر زين العابدين و، ابو القاسم، وليلى عيسى (٢٠١٧) مفهوم و أهمية الوعي السياسي تجاه الدولة و المجتمع، جامعة تكريت: مجلة تكريت للعلوم السياسية (٩/٣) ١٥٢-١٦٧ https://doi.org/10.25130/tjfps.v1i9.11.

إسماعيل، إيلاف رائد (٢٠٢٢) دور الاعلام الجديد في تنمية الوعي السياسي لدى الشباب الجامعي- مواقع التواصل الاجتماعي انموذجا، العراق: مجلة كلية التراث الجامعة، (٣٣/١) ١٤٢-١٥٩ .

جسام، ريم حسن (٢٠١٧) دور الإعلام في تعزيز الوعي السياسي لدى المرأة الأردنية من وجهة نظر الناشطات في قضايا المرأة، (رسالة ماجستير غير منشورة) الأردن: جامعة الشرق الأوسط.

جەبار، شێرکۆ (٢٠٢٠) میدیای سیاسی دۆخ وئەزمونکردنی لە هەرێمی کوردستاندا، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

حسن، كاروان محمد. (٢٠١٩/١٢/١٠) دور القنوات الفضائية الكوردية فى تشكيل الوعي السياسي لدى الشباب الجامعي، دراسة ميدانية لعينة من الشباب الجامعات فى مركز مدينة السليمانية. مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية, 3(2) , 71-84 . doi:https://doi.org/10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp71-84

الخريف، فهد عبد الرحمان (بدون سنة طبع) علم الاجتماع السياسي، السعودية: جامعة الملك فيصل.

خيرة، بن عيسى. (٢٠١٨) متابعة البرامج السياسية في القنوات الخاصة ودورها في تنمية الوعي السياسي عند الطالب الجامعي قناة الشروق أنموذا (رسالة ماجستير غير منشورة) الجزائر: جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم.

دانيال، هاني (٢٠٠٩) المواطنة والإعلام التنموي للأمام در، القاهرة: مطبعة سبوبرس-الهيئة القبطية الإنكليزية للخدمات الاجتماعية.

رحيم، ئاری أنور (٢٠٢٣) ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیدا- توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەناو زانکۆکانی شاری سلێمانی، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی (نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە).

رسول، هيرش (٢٠١٥) الوظيفة الرقابية للصحافة، بيروت: مكتبة زين الحقوقية والأدبية ش.م.م.

ريشاوى، يحيى عمر (٢٠١١) الصحافة وصناعة الوعي- دراسة تطبيقية على واقع

الصحافة في اقليم كوردستان العراق، اربيل: من مطبوعات الاكاديمية الكوردية.

زايد، حيدر فالح (٨، ٢٠٠٨). دور البرامج الحوارية في القنوات الفضائية العراقية وأثرها في تنمية الوعي السياسي للمواطن " قناة الشرقية نيوز انموذجا برنامج بالحرف الواحد". مجلة الدراسات الإعلامية(4) ، pp. 219-245. Retrieved 12 11، 2023، from https://democraticac.de/?p=55855

الزيباري، طاهر حسو (٢٠٠٨) دراسات في المجتمع الكوردي المعاصر، أربيل: مطبعة حجي هاشم.

الزيباري، طاهر حسو مير (٢٠٠٦) دور المرأة الكردية في المشاركة السياسية، اربيل: من منشورات ئاراس.

سادق، فوئاد تاهير (٢٠٠٨) هۆشياری كۆمەڵايەتی. سلێمانی: مەڵبەندی كوردۆلۆجی.

السروجي، طلعت مصطفى و، عويس، منى محمود و، عليق، أحمد محمد و، حسن، فؤاد حسين (٢٠٠١) التنمية الاجتماعية المثال والواقع، مصر: مركز نشر وتوزيع الكتاب الجامعي بجامعة حلوان.

شرقي، إسماعيل و، حمراني، آمنة (٢٠٢١) دور الاعلام الجديد في تشكيل الوعي السياسي في الوطن العربي – دراسة وصفية، الجزائر: جامعة باتنة1، مجلة المقدمة للدراسات الإنسانية والاجتماعية، (١/٦) ١٢١-١٣٤.

شريف، رۆزە عەبدوللا (٢٠٠٨) رەهەندە كۆمەڵايەتييەكانی ناسەقامگيری سياسی لە هەرێمی كوردستان، هەولێر: بڵاوكراوەكانی ئاراس.

شوانی، ئارام ئەمين (٢٠١١) حزبی سياسی، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

شوانی، ئەرشەد خەليل (٢٠١٤) ڕاگەياندن وهۆشياری سياسی، هەولێر: چاپخانەی موكريان.

شوانی، هێمن ئەمين (٢٠٢١) ڕاگەياندن وئاسايشی كۆمەڵايەتی، هەولێر: ناوەندی هەولێری مەكتەبی ڕاگەياندنی يەكێتی نيشتيمانی كوردستان .

الطيب، عبد النبي عبدالله (٢٠١٤) الإعلام والتنمية مشكلات وقضايا، مصر: الدار العالمية للنشر والتوزيع.

عبد الرزاق، رأفت مهند (٢٠١٣) دور مواقع التواصل الاجتماعي في تشكيل الوعي السياسي- دراسة ميدانية لحالة الحراك الشعبي في العراق على عينة من طلبة جامعات كل من الموصل والانبار وتكريت (رسالة ماجستير غير منشورة) الأردن: جامعة البترا الأردنية.

عبداللطيف، رشاد أحمد (٢٠٠٢) أساليب التخطيط للتنمية، اسكندرية: المكتبة الجامعية.

عجوة، على (٢٠٠٨) الإعلام وقضايا التنمية، ط٢، مصر: عالم الكتب.

عياد، حشمت توفيق عزيز (٢٠١٦) الإعلام وقضايا التنمية، عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع.

عەبدول، جەمال. (٢٠٠٤). فەرهەنگی ڕاگەياندن ئينگليزی-عەرەبی-كوردی. سلێمانی: دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

غيث، محمد عاطف (٢٠٠٨) قاموس علم الاجتماع، مصر: دار المعرفة الجامعة.

قادر، ئاشنا عبدالله (٢٠٢١) ڕۆڵی بەرنامەكانی گفتوگۆی تەلەفزيۆنی لە سازاندنی بڕياری سياسيدا- توێژينەوەيەكی مەيدانيە بۆ نموونەيەك لە بژاردەی سياسی لە هەرێمی كوردستان (نامەيەكی ماستەری بڵاونەكراوەيە) سلێمانی: زانكۆی سلێمانی.

القطان، امام شكري ابراهيم الحمد (٢٠٠٩)، الاعلام العربي والوعي السياسي للمراهقين، (دراسة عن دور الفضائيات العربية في تنمية الوعي السياسي الطلاب)، مصر: جامعة بنها كلية التربية النوعية قسم الاعلام، مركز الاسكندرية للكتاب.

لازار، جوديت (١٩٩٧) سوسيولوجيا الاتصال الجماهيري (ترجمة: على وطفة و، هيثم سطايحى) دمشق: دار الينابيع للطباعة والنشر والتوزيع.

محمد، دانا فاضل (٢٠٢٠) ڕۆڵی پێگەكانی پەيوەندی كۆمەڵايەتی لە پێكهێنانی هۆشياری سياسيدا. توێژينەوەيەكی مەيدانيە لە ناو خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی. هەولێر: زانكۆی صلاح الدين-هەولێر (تێزی دكتۆرای بڵاو نەكراوەيە)

المشاقبة، بسام عبد الرحمن (٢٠١٥) نظريات الاتصال، الأردن: دار أسامة للنشر.

Muzaffar, M., Chodhry, S., & Afzal, N. (2019, December). Social Media and Political Awareness in Pakistan: A Case Study of Youth. Pakistan Social Sciences Review, 3(2), 1-13. doi:http://doi.org/10.35484/pssr.2019(3-II)01

Parsons, T. (1951). The Social System. London: The Fee Press of Glencoe.

**Abstract**

This study underscores the pivotal role of media in steering public focus and opinion toward salient political issues and occurrences, which significantly influence their daily lives. This study aims to explore the impact of mass media on enhancing the political consciousness and participatory engagement of the public. Additionally, it investigates the various methodologies and platforms employed in the dissemination of political content, aiming to clarify their effectiveness in shaping public perception and understanding. A further objective encompasses a comprehensive examination of the responsibilities and contributions of mass media in fostering an environment conducive to increased awareness and active political involvement among citizens. Identifying the methodologies and key indicators for measuring the increase of political awareness within the populace also constitutes a central aim of this inquiry.

This study, employing a descriptive analytical approach, encompassing new media, social media, television, newspapers, and radio. It has been observed that the populace has gained an understanding of the political process and recognized the significance of their involvement in electoral and political decision-making. Furthermore, mass media has played a pivotal role in fostering political engagement among community members, in addition to overseeing governmental and institutional actions to uphold transparency, fairness, and equality. The media's exposure of corrupt practices or the improper use of administrative authority facilitates legal scrutiny and the implementation of policies advocating for equality within society, thereby leading to the achievement of widespread justice under the law.

Keywords: Role, Mass Media, Development, Awareness, Political Awareness.